وتم براینه ئەوانەی ئەوسەر هەموو کوردن ، من یەکێکیان بەناسین دەناسم ئەوانی دیشم دیووە، بەڵام نایان ناسم دەچمە لایان، ئەوان دانیشتن من بەرەو ڕووی نیعمەت چووم، ئەویش کە لێی نزیك بوومەوە منی ناسییەوە، ئاخر ئێمە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە یەکترمان دەناسی ، جگە لەوەی ساڵی 1974یش زۆر جار تەسادوفم دەکرد… ئەو لەمن ، من لە ئەو نزیك بووینەوە باوەشمان بەیەکدا کرد، کە حاڵەتێکی ئینسانییە دوو غەریب لەشوێنێکی وا یەکتر ببینن‌ەوە(وکل غریب للغریب نسیب) ، وتی وەرە ئەوە برادەرانن ، کە چووم حاکم تەفیق کە وەختی خۆی مدیر ناحیەی گەڵە بوو ناسیمەوە ، هەروا برادەرێکی تر صادق کە لە هەولێر لە چاپخانەدا کاری دەکرد، خوای لێی خۆش بێ کەچی دوایی کرد، ئەویشم ناسیەوە ، یەکێکی دیکە کە ناوی شێرزاد جبرائیل ئەوم نەدەناسی، هەروەها برادەرێکی تر، بەهەر حاڵ منیش ئەوانم بردە لای برادەرانی تر کە پێکەوە بووین، ئیتر بازنەکە فراوانتر بوو و دەردە دڵ زۆرتر تا درەنگانی عەسر، دوای ئەوەی هەر لەتەك ئەو چایخانەیە چێشتخانەیەك هەبوو نانی نیوەڕۆمان لێ خوارد. پاشان نیعمەت و ئەوان وا دیار بوو لەشووقەیەك دەژیان ، ئێمە درەنگمان بەسەردا هاتبوو چوینەوە گەراج و گەڕاینەوە جێی خۆمان لە خانووە قوڕەکانی (عتێیشی).

هەفتەیەکی نەبرد پارێزگاری کەربەلا (محمد حسین حسن الشامی) کە پاش چەندین ساڵ زانیمان لەسەر ئەوەی چوو بووە پرسەی سەرکردەیەکی خزمی کە سەدام حسێن ئیعدامی کردبوو، 6 ساڵیان حوکم دابوو و لەزیندان بووە، بەهەر حاڵ پارێزگار وەك چێن چووە لای نەفیکراوەکانی تر هاتە لای ئێمەش.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەو حەسارەی ژوورەکەی ئێمەی لێ بوو ، دەم و دەست ڕاوانشاد د،سەعدی غەریبی ناسیەوە کەوا دیارە لەقێناغی زانکۆدا دەرسی پێ وتووە، ئیتر لەگەڵ بینینی د. سەعدی ئوستاز وە ئوستازی دەکەوتەوە ، وا باوە مامۆستا قوتابی خۆی ناناسێتەوە بەپێچیەوانەوە قوتابی مامۆستای دەناسێتەوە ، ناسینەوەی د.سەعدی غەریب لەلایەن پارێزگارەوە خێری بێ ئێمەش پێوە بوو، یەکسەر بێ بەیانی بە ئەمری پارێزگار ئێمەیان لەبینایەکی حکوومی کە بیرم نەماوە قوتابخانە بوو یاخود بێ فەرمانگەیەك دروستکرا بوو گواستەوە ، ئیتر لەکێ مەش و کەچ و پشکە بووینەوە، بیناکە بێ ئێمە لەکێشکی پاشایان خۆشتر بوو ، بەتایبەتی کە شەش یان هەشت حەمام و ئاودەستی تێدا بوو ، حەوشەیەکی گەورە.. هەر لەوکاتەشەوە پارێزگار هەرێی ئەوەی پێداین وا بکەن پەلە بکرێت لەدامەزراندمان لەناو شار وەك د.سەعدی داوای لێ کرد ،

(*) (بەختی ەش یا کەمەی چەوت) لە ئەسڵدا ئەمە ناوونیشانی یادداشتەکانی باوکم بوو کە نزیکەی نۆ سەت و قسوور لاپەڕەی فۆرسکاپ (A4)ی دەستخەت بوو ، بەجگە لە چەندان وێنە و دیکۆمێنتی گرینگ کە بە داخێکی زۆرەوە بە بۆردمانی فڕۆکە لەگەڵ خانوو و ماڵمان ساڵی 1974 لە گەڵاڵە تیاچوو .

مرۆڤبووون لە نێوان ئایین و ئەخلاقدا.. فەرێدوون سامان

ئەخلاق لە مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ئایین (ئیمیل دورکهایم).

پەموایە فاکتەری دیارکەر لە هەموو هەڵوێستەکانی مرۆڤدا سەر بە مرۆڤایەتییە. گشتگیربوون ئەو مرۆڤایەتییەیە کە ناچارمان دەکات ئیدانەی تووندوتیژی بکەین، پرەتیستەی تاوانکاری بکەین، نەوەکانی داهاتوومان ئامادە بکەین بۆ گفتوگۆ و ئاوگۆڕی بیروڕا و بۆ هەڵوەشاندنەوەی دووڕکەوتنەوە لە مەترسییەکانی تووندوتیژی، ئەمانە ئەو ئەخلاقە گشتگیرانەن کە دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر تووندوتیژی و شەڕ لەناوببەن، یان لانیکەم سنووردار بکەن، بە ئەوەی واقیعبینتر بین. بەبێ ئەمە: شەڕکان کە بەناوی ئایینەوە ئەنجامدراون، شەڕکان کە بە ناوی بەکافرکردن و داگیرکاری و ئاوارەیی و دەرکردنەوە ئەنجامدراوون، شەڕکان کە بەناوی ئەرکی پیرۆزی بەاوکردنەوەی پەیامکەوە کراوون، بەناوی ئایین و بەناوی بەاوکردنەوەی پەیام و قسەی خودا – و بەناوی ئەنفال و فەتحکردن ئەنجامدراوون. هەموو ئەمانە بەبێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکان، بگومان بەناوی ئەم ئەرکەوە تفەنگ و شمشێر و کوشتن و جەبەجێکردنی سزاکان هەبوو. هەموو ئەمانە بە باشی ناسراون، ئەمە ناگەینەوە بێ. ئەگەر بە کورتی بگەینەوە سەری، ئەوە دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە شتێکی گرنگتر و بەردەوامتر هەیە و ئەویش مرۆڤایەتییە. مرۆڤایەتی سەرچاوەی سەرەکی ئەخلاقە کە گرنتی پێکەوەژیانی نەوان گروپ و ئایینە جیاوازەکان دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو ئایین و گروپانە ناتەبا و ناکۆکیش بن.

کۆمەڵگای پێوەندی لە نێوان ئەخلاق و ئایینداا لە ڕووی ئەنتڕۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسییەوە پرسکی یەکلاکەرەوەیە، دەرکهایم دەڵێت: کاتێک ئەخلاق دەست پێدەکات کە وابەستەبوون بە گروپێکەوە دەست پێدەکات، واتە کۆمەڵگە لە ڕێگای ئەم گرێبەستە ناڕاستەوخۆیەوە دامەزراوکان بەرهەم دەهێنێت، لەوانەش دامەزراوەی ئەخلاقی، بە چ واتایەک باس لە دامەزراوەیەکی ئەخلاقی دەکەین؟
ئەمە باس لە پێوەندییەکی بەهاکان دەکەین، سیستەمێکی ئەرکە باکان کە تاکەکان تێدەپەڕێنێت و پێوەندییەکانیان لەنێو کۆمەڵگەدا ڕێکدەخات. ئەمە ئەخلاقە! ئەخلاق لە نەریت و ئاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها لە ئایینیشەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێک باس لە ئەخلاقی ئایینی دەکەین، باس لە دیاردەیەکی گشتگیر دەکەین.
ئایین لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، لەکۆنەوە ئەنترۆپۆلۆژیەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە لە خێڵ و کولتوورە سەرەتاکاندا، شتێ پیرۆز و تابووکان هەبوون.
لە هەر شوێنێکدا قەدەغەکردن بەدیزنەوە، ئیمتیازێکی ئەخلاقی دەبینینەوە، کە خەمان لەم کارە یان ئەو کارە بەدوور بگرین. ئەو تێوانینەی کە لاوازبوونی ویژدانی ئایینی ویژدانی مرۆڤ و هەستی مرۆڤ و ئەخلاقی لاواز دەکات، لەدوانێکی ڕێژەیی و بەپێی کۆنتێکست و کۆمەڵگە دەگۆڕێت و لەگەڵ ئەو گرووانەی کە پێوەندی بەوەوە هەیە پەردەسەنێت، شێوە ئایینییەکان- جەنگی خاچپەرستەکان، شێوەکانی هەڵگیرانەوە لە ئیسلامدا، شێوەی نوێوان کاسلیکەکان، پرۆتستانتەکان و ململانێ و شێوەی نوێوان سوننەو شیعە، هەموو ئەم نموونانە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە قسەکردن لەسەر ویژدانێکی ئایینی کە مرۆڤایەتی یان لانیکەم بەشێکی ئاراستەی مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام چاکە و ئاشتی، زیادەڕەویەکە کە بەبڕی نییە لە بنەما ئایدیۆلۆژییە ناسراوەکان.

مەبەستیش ئەوەیە کە هەندێک شێوە لە هەندێک شێوەی تر وێرانکەر و دڕندەتر بووە. لە کۆتاییدا بابەتی سەروشتی چەک و سەروشتی ئامێرەکانی کوشتنە. جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە جەنگی خاچپەرستەکان بەراورد ناکرێن، بە شێوەکانی هەڵگیرانەوە، بە ململانێی نێوان کاسلیک و پرۆتستانت… بەگومان ژمارەکان ڕێژەیین؛ ئەوان هیچ پێوەندییەکیان بەو ژمارە ڕەهایانە نییە، کە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە هیرۆشیما و ناگازاکی بەهۆی چەکی ئەتۆمی مۆدێرن کوژراون.
سەدان ساڵ براهاودینەکانمان هەر بە ناوی خودا و ئیسلامەوە قەڵەن دەکەن، جا ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی دوور و نزیکی نەتەوەکەمان

هەدینەوە، تەنانەت ئەو مژووەی کە دژمنی ناحەز و دڕندەی بە درۆ بووختان بۆی تۆمار کردووین، مخابن هەر هەمووی کوشتوبڕی کوردی ئێزیدی و یارسان و زەردەشتی و عەلەوی نەبووە، تەنانەت کوردی مسوڵمانی باوەڕداریش لەو هەموو تاوانی قڕکردن و کۆمەڵکوژییە بێبەش نەبووە، نەتەوەی کورد هەردەم پڕژێنک بووە بۆ جینۆسایدبەناوی ئایین و پشتکردن لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی و هاوشاری و هاونیشتمانی، شێوە فرەشتنەکەی ڕاژانی ئابڕووی گڕکەکانی ئەشرەفییەو شێخ مەقصود بەڵگەیەکی زیندووون بۆ گەواندنەوەی پاشخانی مژووی تاوانکانی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی نەتەوەسەردەستەکان لە کوردستاندا.

فەریدوون سامان

ڕژێمی هەسەد و حکومەتی دیمەشق!.. عوسمانی حاجی مارف

گرژیە سیاسی و سەربازیەکانی نێوان حکومەتی سوریا و هەسەد بەشێوەیەکی بەوتنە پەریسەندوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دانوستان لەنێوان هەردوولادا لە دیمەشق بەردەوامە.
سەرەڕای ئاگربەست لە حەلەب، لە دوای پێکدادانەکانی ئەم دواییە، دەخێکە بۆ ناجێگیری ماوەتەوە و ئۆگەری ئەوە هەیە زیاتر کەپە بسەنێت، بەتایبەت بۆ لابەرچاوگرتنی پابەندنەبونی مزلوم عەبدی، بۆ مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی مانگی ئازاری ٢٠٢٥ کە لەگەڵ ئەحمەد شەرع واژۆکراوە، لەو ڕێکەوتنەدا شەرع دیمەشق بۆ تاکە چوارچێوەیک دەزانێت بۆ هەر چارەسەرکردنێک، ئەمەش لە دنیای واقعدا بۆ هەسەد و مزلوم عەبدی قەبوڵ ناکرێت.
کاتێک وەزارەتی بەرگری سوریا و هەسەد، فەرمانی ئاستوخێیان بۆ هێزەکانیان دەرکرد کە تەقە ڕابگرن، دوای ئەو تێکهەڵچوونە خوێناویەی لە حەلەب ڕویدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا داوایکرد لە "کوردەکان"، کە ڕەگەزی نەکەن لە یەکێزی و سەقامگیری سوریا!، ئەتوانین بڵێین ئەم ئاماژەیەکی ئاستوخێیە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە هێزەکانی سەربازی هەسەدە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بینیان، لە

بەرگرتن بە هێزەکانی حکومەتی سوریا کە دەیانویست ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن. لەهەمانکاتدا پارێزگاری حەلەب، داوای لە هاوپەیمانێتیانی مەدەنی و ئێندامانی کۆمەڵگەی مەسیحی کرد، کە لەنزیک ناوچەکانی پەکەدانەکاندا نیشتەجێن، بەشێوەیەکی کاتی خۆیان لە گردبونەوە و ئاهەنگەکان بەدوور بگرن، تا ئەو کاتەی ناوچەکان پارێزراو دەبن و مەترسیەکان نامێنن.
گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان حکومەتی سوریا و هەسەد، بەردەوامن بە حساب تا ئەو کاتەی دانیشتنەکەی سەرۆکی دانوستان لە دیمەشق بەڕێوەبچێت، کە تائێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە. گوایە ئەم دانیشتنە بە بەشداری نوێنەرانی سوپای سوریا و حکومەتی سوریا و هەسەد بەڕێوەدەچێت، لەلایەن تەماس باراک نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سوریا و هەروەها نوێنەرانی تورکیا چاودێری دەکرێت. هەروەها خولی پێشبینیکراوی دانوستانەکان، هاوکاتی سەردانیکردنی هاکان فیدان و وەزیری بەرگری تورکیا بوو بۆ دیمەشق، کە تێیدا دیداری ئاستەوخۆیان لەگەڵ ئەحمەد شەرع و ئەسەد شەیبانی، وەزیری دەرەوەی سوریا ئەنجامدا.
هەبەتە ئەم سەردانە، تایبەت بووە بە تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی خولی داهاتوی دانوستانەکان، لەگەڵ هەسەد و گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر سیناریۆکانی دوای دانیشتنەکە، بەتایبەتی لە ئۆگەری ئەوەی کە هەسەد پەداگری لەسەر ڕاگرتنەوەی پابەندبونی تەواو بە ڕێکەوتننامەی ئازاری ٢٠٢٥ دەکات.
گفتوگۆی سەرەتایی، سەبارەت بە دیاریکردنی وادەی نوێ، کە بە کۆبونەوە و دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان ئەنجامدرابوو، بەڵام ئەم پرسیە تووشی پاشکۆشی کتوپڕ بوو لەدوای پەرەسەندنی هێرشی هێزەکانی هەسەد لە حەلەب و سەرهەدانی ئەو پەکەدانانەی، کە بە خۆناوی وەسفکران لەگەڵ یەکەکانی سوپای سوریا، ئاشکرایە دیمەشق پێیوایە ئەم بارگرژیە وەک پێامێکی سیاسی و ئەمنی ئاستەوخێ لەلایەن هەسەدەوە، واتە ڕاگرتنەوەیەکە لە پەرەسەندنی فشارەکان بۆ پابەندبون بە ڕێکەوتنی مانگی ئازار، هەوڵێکە بۆ دەستکاریکردنی کارتەکان پێشئەوەی لەسەر مێزی دانوستان دابنیشن.
مەزلوم عەبدی دەڵێت، کۆبونەوەی داهاتو نوێنەرایەتی خاڵێکی سەرەکی دەکات، کە ڕەنگە زەرەک لە کارەکانی دواتری لەسەر بنیاتبنرێت، کۆبونەوەکە بەشێوەیەکی یەکلایکەرەوە ڕووداوەکان دیاریدەکات، واتە یان ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی بەرفراوان، یان گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێکی نوێ کە پێوەندی نێوان هەردوولا ڕێکبخاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەدەرەوەی چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئازاری ٢٠٢٥وەیە. دەشڵێت، لەوانگەی سەرکردایەتی

هەستدەوە، ئەم هەڵوەتنە ئێستا بەشێوەیەکی کاریگەر پووچەڵ، لەبەرئەوەی چیتر کەمترین داواکارییەکانی هەستد بەدیناهێنەت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشهاتە مەیدانی و سیاسیانەی کە لەدوای واژەکردنیەوە ڕویداوە.
لەلایەکی تریشەوە حکومەتی سوریا لایوایە بەهێزبونی هەستد، تەنها هەوڵەکە بۆ سەپاندنی واقیعێکی نوێ لە سوریا، بۆ پێچەوانەی خواستی باڵادەستی حکومەتی سوریاوەیە، ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ زیادکردنی فشاری سیاسی و سەربازیی لەسەریان، پێش دانیشتنیان لەسەر مێزی دانوستان. لەهەمانکاتدا ئاشکرایە، پرسی تەکەڵەکردنی هێزەکانی هەستد لە پێکهاتەی سوپای سوریادا، چیتر کراوە نابێت بۆ گفتوگۆ و دانوستان، کە بژاردەی کۆتایی ستراتیژیکییە، ئەو بژاردەیەی ئەحمەد شەرعیش پەسەندیکردوە، وەک بەشێکی سەرەکی لە هەوڵی پڕۆژەی یەکگرتنەوەی دامەزراوە سەربازی و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەموو خاکی سوریادا.
پێکدادانەکانی ئەم دواییەی حەلەب و دەروبەری، ڕووداوێکی گەشگیر یان تەقینەوەی کتوپڕی دۆخێک نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی کۆبوی پێشهاتە سەربازی و سیاسیەکان بووە، کە ماوەیەک بوو هێزەکانی هەستد چاودێریان دەکرد، ئەم پێشهاتانە پێویستن بۆ هەنگاوانەی کە سوپای سوریا بە دووبارە جێگیرکردنەوەی خۆی دەیخوازێت، لە نزیک سنوورەکانی ئەو ناوچانەی لەلایەن ئیدارەی خۆسریەوە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا کۆنترۆکراون. سەرکردایەتی هەستد بەوردی چاودێری پێشڕەوی یەکەکانی سوپای سووریا و جێگیرکردنەوەیان لە خاڵە هەستیارەکاندا کردووە، لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەمەش قۆناغێتکی پڕوی لەناو هێزی هەستدا دروستکردووە، کە دیمەشق تەنیا جێگیرکردنەوەی بەرگری ئەنجام نادات، بەڵکو خۆی بە ئەپڕاسیۆنێکی سەربازی دژی هەستد ئامادە دەکات، ئەگەر پرسی دانوستانەکانی ئێستا شکستی هێنا.
لەم چوارچێوەیەدا، دیمەشق دەیەوێت وێنایەکی وەها بدات بەسەر هەستدا کە ئامادەیە لە هەر هەوڵێکی جدی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی نوێ دەکات، هەروەها دەرفەتەکانی دەستپێکردنی پڕۆژەی گەشەپێدان یان دەستپێشخەری گەشەپێدانی ئابوری و سیاسی بەردەوام سنووردار دەکات، یان بونی هێزێکی سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی دەوڵەت، ژینگەیەکی دوژمنکار بۆ وەبەرهێنان دروست دەکات و بەردەوامی بە ناسەقامگیری ئەدات، بۆیە دیمشق زیاتر جێخت لەسەر هەوڵەشاندنەوەی هێزەکانی هەستد دەکات لە ژێر ناوی پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتو بە دەوڵەتی سوریا.

حکومەتی سوریا هەوڵدەدات یەکگرتنی دامەزراوەیی تەواو بدەستبهێنێت کە دامەزراوکانی دەوڵەت بەپێی پرەنسیپی سەروەری ناوەندی ڕێکبخاتەوە، لەهەمانکاتدا فۆرمێک لە لامەرکەزیەتی ئیداری دەدات بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە. بەڵام لەبەرامبەردا هەسەدە مەدلۆک پێشنیار دەکات کە نزیکترە لە نیشتجێکردنی تەواوەتی سەروەت و سامانی سەربازی و مەدەنی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی لامەرکەزیدا، ئەمەش گەرەنتیی پاراستنیان و بەردەوام بوونیان مسۆگەردەکات، بەتایبەتی کە هەسەدە، وەک قەوارەیەکی یەکگرتوو لەناو دەوڵەتی سوریادا بەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی دامەزراوەیی دەوڵەتی سوریادا.
پەدچێت خولی داهاتوی دانوستانەکان ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە پێوەندیەکانی نێوان دیمەشق و هەسەدەدا، واتە یان دەبێتەهۆی یەکلایکردنەوەی کۆتاییەک کە بەپێی مەرجەکانی حکومەت یەکگرتویی تەواو بسەپێنێت، بەدەوری ئەمریکا و سوریا، یان ئۆگر دانوستانەکان شکستیان هێنا، ململانێی سیاسی و تەنانەت شەڕی سەربازی فراوانتر ڕوبدات.
لەنێوان ئەم دوو ئۆگرەدا، چاوی ئۆکتەر ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی ئەمریکا و تورکیا، لەسەر دیمەشق جێگیرە، هەموو لایەنەکان بە خۆپاراستن لە خلیسکان بە ڕوبەڕووبونەوەی ئاشکراو شەڕی ناوخۆ دڵنین، کە بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و هەستیارترین دۆخی سوریا و ناوچەکە وەسفی دەکەن.
ئیدارەی ئەستای سوریا هەوڵدەدات سیستمی سیاسی خۆی جێگیر بکات، هەنگاوێک کە خواستەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی هەندێک ئۆکتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بگونجێنێت، بەڵام بژاردەکانی دیمەشق بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هێشتا سنووردارە، بەکردەوە لە گفتوگۆ و دانوستاندا قەتیس ماوە و ئاراستەیەکی یەکلاکەرەوە لەنێو ناکۆکیەکان و دابەشبونی سوریا بە چەند ناوچەیەک و دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع، فرستی بۆ سەقامگیری نەهێشتەوە.
هەوڵدان بۆ ڕادەستکردنی قەناغ بە قەناغی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هەسەدە، دەستپێکردن لە پارێزگای دێرەزەرەوە، لەوانەش ڕادەستکردنی کێڵگە نەوتیەکانی و تەواوکردنی ڕێککەوتنی حەلەب سەبارەت بە گرەکانی ئەشرەفیە و شێخ مەقسوود، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی تێکڕبونی یەکەی سەربازی هەسەدە و سوپای سوریا، ئەم سیناریۆیە پاڵپشتی ئەمریکای هەیە و نەردەی تایبەتی سەرکی ئەمریکا، تۆماس باراک، بە بژاردەیەکی واقیعی و جێبەجێکراو دەزانێت. ئاشکرایە سیناریۆیەکی لەم چەشنە ئەو ڕێڕەوەیە کە سنوردارکردن یان کۆتایی دەوری هەسەدی لەدەکەوێتەوە.

لایەکی تروە لسەر بنەمای پاراستنی دەخی ئستای سوریا، واتە بردەوامبونی چەقبستوویی و کمکردنەوەی گرژیەکان، بتایبەتی نەوان ئنقەرە و هسەدە هروەها لە نەوان دیمشق و تلئبیب، ئمش ەگایەکە ئمریکا لە ئستادا پاپشتی دەکات. لەهمانکاتدا پشبینی ئوەش دەکرت کە دامانی پسەی دانوستان و کردنەوەی درگای ەوبەونەوەی سربازی و شەی استوخی نەوان هسەدە و هزکانی حکومتی سوریا بردەوام بت، بام بە ئحمد شرع ستختە بتوانت بم رگەیە بهزی سربازی بە درژکردنەوەی کنترەی دەوەت بسەر هموو خاکی سوریادا بکاری بهنت.
لهمانکاتدا مژووی دخالتی سیاسی ئمریکا لە هر شونکدا، پە بووە لە داسپاندنی کنپرستی و فراهمهنانی نائارامی و گژاوی سیاسی، هروها شکست هنان بە هر ەکوتنک کە برژەوندیکانی خی تیا برجستە نبینت. لم نوەدا سیاستی ئمریکا نک بارهستی یکگرتویی سوریا لە ژر دسەاتی تواوی ئحمد شرعدا ناکات، بکو بە ئاراستەیکی ئرنی و رولپش مامەی دکات بە یکلاییبونەوەی تپراندنی ئو گژاوە سیاسیەی بسەر دخی سیاسی ئستای سوریادا زا، گر کتایی پگەی هسەدشی لکەوتوە!.

ەژئاوا چ درسک لە تراژیدیای حلب وردگر؟.. ئاسە کمال

هرشی تاوانکارانەی جلانی و دسەاتی کنە داعشیانەی "هيئة تحرير الشام"، کە ئستا بناوی حکومتی سوریاوە لسەر کار، هرشی ناستوخی دەوەتی تورکیایە. ئم هرشی حلب تنیا یکک لە ئاکامکانی مامەی تورکیایە لگە ئمریکادا کە لسەر سوریا کردویەتی. مامەی ئوەی کە تورکیا؛ دسەاتی ئیسلامیە سونکانی سوریا لە ژر چەتری سربازی ئمریکادا دهەتوە، ئگر تورکیا ەگری لبردمدا نبە بە برتسککردنەوەی سنوری دسەاتی ئیدارەی ەژئاوای کوردستان.

هدسە هر سودکی هبوبە لە ابردوودا بە ئمریکا، ئوا ئستا

ئەم هاوسەنگیە گەورە و ئەولەویەت لای ئەمریکا حکومەتەکەی جولانیە، نەک هەدەس. لەبەرئەوەی جولانی دەتوانێ هێزە داعشیەکانی وەک خۆی کونترۆڵ بکا و ئەمەش بە ئارامی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریادا پڕویستە.
بە ئیسرائیلیش کونترۆڵی هێزاکانی سوریا گرنگە، نەک هێزەهاتی سوریا. لەسایەی ئەم گەرانکاریانەی سوریای دوای "ئەسەد"دا، ئیسرائیل و ئەمریکا زیاتر دەتوانن پێڕۆ هاوبەشە ئابوری و ئەمنی و سەربازیەکانیان لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی عەرەبی و کەنداو نەخشە هێزبکەن. هەربۆیە هەردوولایان هیچ ڕەخنەگریەکیان نەکرد لەو کوشتارەی کەنە داعشیەکانی جولانی لە حەلەب دژ بە گەرەکە کوردەکان و هەدەسە کردیان.

لە تەجروبەی شکستی حەلەبدا هەدەس و خەڵکی هێزاکاوا و کوردستانی سوریا دەبێت ئایندەی ئەم نەخشە و پلانەی تورکیا و جولانی ببینن، کە خوازیاری کونترۆڵی هەموو هێزاکاوا و دەسەڵاتن لە کوردستانی سوریادا. مانەوە لەسایەی یەکەوتنێ ١٠ ئازار و قسەی مافی کەمینەکان دەدرێت، نەک هیچ گرەنتیەکی تەدانیە بە دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستانی سوریا ، بەڵکو ئەو هێکەوتنە خۆی ئامادەکە بەدەستی ئەم دوو هێزەوە، تورکیا و جولانی، تا هەرشی بەردەوام بکەنە سەر هێزاکاوا لەژێرناوی جێبەجێکردنی مادەی ٤ یەکەوتنەکەدا کە دەڵێ " تەکەڵاوکردنی هەموو دامودەزگا مەدەنی و سەربازیەکان لە باکوری هێزەهاتی سوریا لە چوارچیوەی ئیدارەی دەوڵەتی سوریادا، لەگەڵ یشدا خاڵە سنوریەکان و فرۆکەخانە و کەرگەکانی نەوت و غاز".
تورکیا، هێزاکاوای کوردستان وەک بەشێک لە پرۆژەی "نەمانی تێرۆر"ی خۆی سەیر دەکا، کە خوازیاری کۆتایی هێنان بە هەر هێزیکی چەکداری سەر بە پەکەکە یە لە ناوچەکەدا. حکومەتی تورکیا، لە سایەی ناسەقامگیری هێزەهاتی ناوەاستدا ونەخشەی نوێی ئەمریکادا، بەدوای پاوانخوازیی ناوچەیەویە. وەک هێزێکی ناوچەیی لە سوریا و کوردستانی عێراق و ناوچەکە درێژە بە دەستدرێژیە سەربازی و سیاسیەکانی دەدا و لەرشەوە دێوە ڕەگریە ناوخەیەکانی "تیرۆر"ی سەربازی پەکەکە لەبەردەم خۆیدا لابەرە. هەربۆیە بەپێچەوانەی بانگەشەی "ڕەگاچارەی دیموکراسی" ئەجولانەوە، دەوڵەتی ئەستای تورکیا خۆنی دیموکراسی نیە، بەڵکو خۆنی ئیمپراتۆری ناوچەکەی کردەتە ئامانجی ئەم قۆناغی.
جولانی و حکومەتەکەی، بەهەمان چەشنی هێزە شیعەکانی عێراق کە حەشدی پشتەوەی ئێرانن، ئامانیش داردەستی تورکیان. هەربۆیە خەڵکی

ئۆکراوا و هەڕەشە دەبێ لە خەیاڵی "پرۆژەی ئاشتی و دیموکراسی سوریا" و "هاوپەیمانی ئەمریکا"دا غافڵگیر نەبن. بەستنەوەی ئایندەی ئۆکراوا بە "پرسەی ئاشتی" تورکیا یان بونە پاشکۆی دەوڵەتی جولانی، هیچ ئایندەیەکی ئارام و دابین بونی مافەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئۆکراوای تێدانیە.
تراژیدیای شکستی حەڵەب ئێم دەرسەی بە ئۆکراوای کوردستان خستووە کە خەڵکی کوردستانی سوریا؛ پێویستە کاربکەن بە هێزی کردنەوەی ئەو دەسکەوتەی ئێستا وەک ئەمری واقیع هەیانە، ئاگەر نا هەمیشە لەبەردەم دوبارەبونەوەی ئێم تراژیدیای هەڕەشەدانداە دەبن.

خاڵی بەهێزی خەڵکی ئۆکراوا لە بەرگری بەکەمەیاندایە. ئێم هێزە کەمەیاتیە دەبێ نەخشەیەکی سەربەخۆی بە ئایندەی سیاسی ئۆکراوا هەبێت، تا بتوانن پڕۆژە و نەخشەکانی تورکیا و جولانی، کە دایان ناوە بە کۆنترۆڵی ئۆکراوای کوردستان بەرپەرچ بدەنەوە. خەڵکی ئۆکراوای کوردستان و بەرەنگاریان دژی ئێم نەخشە داگیرکارانە و خیانەتیان لە پیناو ئازادیدا جەنگای پشتیوانی سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ناوچەکە و جیهانە. ئێم هێداوە جارێکی تر پەردەی هەڵماڵی لەسەر ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، وەک یەکگرتوی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی و مەلا لایەنگرەکانی تورکیا و جولانی، کە چەن ئێم هێزانە لەبەرەی داگیرکەران و دژی ئازادی خەلکی کوردستانداە اوەستاون.

ئاسۆ کەمال

لە بارەی پەلاماری هەڤیانەی سەر هەردوو گۆکی شێخ مەقسودو ئەشڕەفیەی حەڵەب!؟.. تاهیر

عیسا

ەوداوەکانی هەفتەی ئابردووی حەلەب و پەلاماری وەحشیانە بەسەر هەر دووک گەلەکەی کوردنشین، ئاشکرا فیو شێخ مەقسود، ئەگەر لایەک نموونەیەک لەوەحشیگەری ئەودەستەوباندە تیرۆریستە ئیسلامیانەمان پیشان دەدات کە مشتاقی ڕژتنی خوێنی هاوڕاتیانی کوردزمانی ئەو دوو گەلەکەبوون، کە لایەن حکومەتی کاتی عەلەب فاشیست-ئیسلامی ئەمەوی سەر بە جەلانی تیرۆریست و فاشیزمی تورکیای میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ژووری عەملیاتەکی هاوبەشدا، وەک بەڵێن پلان بۆ ڕزگارکردنی غەززە لەدەستی بکوژی هەزاران ژن ومنالی بێتاوان لەو شارەدا، دادەڕژن، دوو گەلەکی شارنشین کە بە زیاتر لەدەسالە بوو لەدژی دەستەو تاقمی تیرۆریستی جەراو جۆری ناو ئەو پێگە جوگرافیە پڕ لە تەاژیدیاو کوشت و بڕینداە، بە بەرگریکردن لەخەیان و مانەوەی فیزیکیانەیان، خەیان چەکدارو ڕێکخستبوو، لەو پەلامارە هەمەجیانەیەی کرایە سەریان ژمارەی شەهیدانکانیان لە چەند سەد کەسەک تێپەڕی نەدەکرد، کەچی دوو دەوڵەت بە حەشاماتەکی دەیان هەزار لە مرۆڤی دەندەو خوێنخۆرو بارگاوی بەئایدیۆلۆجیای تووندڕەوانەی ئیسلامی و بەپاڵپشتی دەیان تانک و کاتیشاو هاوەن ودرێنی جاسوسی و بکوژو خەکوژی هەردوو دەوڵەت و هاوکاتیش وەگەڕخستنی ماکینەیەکی زەبەلاحی ئیعلامی فاشیستی عەرەبی و تورکی جەراوجەر کە ژەهریان دەکرد، بەعەقڵی ساویلکانەی عەرەبزمانی حەلەب و سوریاو جیهانی عەرەبیداو لەدژی دوو گەلەک وەک هاوپەیمانی ئیسرائیل ودوژمنی لەمژینەی عەرەب و ئیسلام و سوریا پیشان دەدران، دواجار تواندرا، ئەو دوو گەلەکە بەپێی پلانێکی لەمژینەی پشتردارڕژراوو کارلەسەرکراودا، داگیربکرێن. لەدیوەکی دیکەشدا وەحشیگەریی دنیای زاڵمانەی ئەم سیستەمە جیهانیەی ئەمەریکا، کە لەماموستاو سەوداکانیاندا، مرۆڤ هەرگیز بێتاوانکانی وەک پشکەخەر تەدا دەکرێتە قوربانی.

بەرلەو ەوداوە کەبونەوەکان لەلانکەی دنیای بەناو دیموکراسی ڕۆژئاوادا وەخەبەران، ڕێککەوتنێک لەپاریس بە تەبیعی عیلاقات لەنێوان (ئیسرائیل)، بکوژی هەزاران لەمرۆڤی بێتاوانی غەزە، و حکومەتەکەی ئەحمەدجەلانی، بەچاودێری ئەمریکاو فەڕەنساو بەئاگایی دەستخوشکەیان تورکیای فاشیستدا ڕێککەوتنێکی ئەمنی ئیمزاکراو هەرلەوەدا جەلان و جنوبی سوریاو هەردوو گەلەکی شێخ مەقسودو ئاشکرافیە سەوداو مامەڵەکران، ئەو ڕێککەوتنە دەستی ئەحمەد جەلانی جولان فرۆش و تورکیای ئاوەاکرد، بە جۆرێکردنی مەرامی

فاشیستیانەی خۆیان لەدژی ئازمونی باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا، کە بەماوەیەکە خەونی لەفاشیستە عەرەب و تورکەکان زڕاندووە، هاوکاتیش لەدوای بەئاکام گەیشتنی ئەم تاوانە جینۆسایدئاسایەدا، لەگەڵ وزارەتی دەرەوەی سوریادا سوپاسگوزاری هەریەک لە ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو سعودیەو قەتەرو تورکیا و مەسعودبارزانی کرا، کە بەپێی لێدوانی وزارەتەکە هاوکاربوون و پشتیوانبینیوە لەسەقامگیری سوریادا، ئاوەی شایانی باسە هاوزەمان لەگەڵ جەرگەی هەرشی سەر ئاو دووگەرەکشدا، ئەحمەد جەلانی و مەسعودبارزانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجام دا، بارزانی بەبۆ ئاوەی مەترسیەکانی ئاو کەمەکوژیەی لەئارادابوو کەلایەن ئاو دەستاو تاقمە تیرۆریستانە دەکرایە سەر ئاو دوو گەرەکە لەبەرچاوبگرێت و، ناڕازایەتی دەربڕێت، سوپاسی ئەحمەد شەرعی کرد.
نووسینگەی مەسعوود بارزانی، سەبارەت بەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەی بارزانی و ئەحمەد شەرع سەرکی حکومەتی کاتی سووریا بەو جۆرە بەاوکرایەوە.
بەگوێرەی ئاگەیاندراوەکە، لە میانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا باس لەوەکرا کەدوایین پێشهاتەکان و بارودۆخی سووریا تاوتوێ کران، لە ئاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بارزانی ئامادەی خۆی لە لێدوانەکانی ئەحمەد شەرع سەبارەت بە کورد دەربڕیوە و سوپاسی کردووە.
ئاوەی جێگای سەرنجە ئاو پەیوەندییە لەکاتێکدابوو، کە ماوەی چوار ڕۆژبوو گرووپە تیرۆریستەکانی سەربە ئەحمەد شەرعو تورکیا، لە گەڕەکانی شێخ مەقسوود و ئاشرەفیە هەرشی کەمەکوژیان دژی خەڵکی ئاو دوو گەرەکە، ئەنجام دەدا.
ئەمەش ئاوە دەردەخات مەسعودبارزانیش لەم پلان و سەوداو مامەڵانەی دژی ئاودوو گەرەکە کوردیکرا بەشێک بوو لەسیناریۆی ڕەش نەک سپی، بە پشتگیری ئەم بەچونەشم، ئەستا کەناڵی ئاڵشەمسی عەرەبی سەر بەدەسەڵاتی پارتی خۆریکن چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەحمەد جەلانی(شەرع) ئەنجام دەدەن، کەهەشتاش دیمەنە دەتەزڕێنەکانی پەیوەست بەم ڕووداوەو ڕفاندنی دەیان کوڕو کچ و کوژرانی دەیان کەسی بەتاوان و هەڵاشەو تەقاندن و بڕینزی کردن بەرامبەر بەهاولاتیان بەتایبەت بەرامبەر ژنان، کەداعش لەسەردەستی جوامێری و قارەمانێتییان، هەم خەیان وهەم ئاماکەیان لەژێر ناوی لائیلاها ئیللاا و محەمەد ڕەسوڵاا، کەوتە ژێر پێو پاڵاوکانیانەوە، وهەروەها بەتایبەتیش بڕینزیکردن بەتەرمی ژنە تێکۆشەرێکی گیانبەختکردووی ئاو گەرەکە بەناوی دانیز و خستنە خوارەوەی لە باڵەخانەیەکی چەند قاتیداو وتنی ڕستەی نەشیاو لەبەرامبەریدا، ڕیسوایی وشەرمەزاریە بە کەناڵی ئاڵشەمس و

ستافۆکەی کە تاوانبارکی وەک ئەحمەد شەرع لەم ساتە وەختەدا چاوپێکەوتن وەوماڵ بکات و لێگای ئەم کەناوە چەواشکاری بکات و خەی وەک دەستی خێکی ئازادیخوازی کوردستان نیشان بدات.

تاهیر عیسا /12.01.2026

لەمسەر و لەو سەریش. شیعری نەوزاد بەندی

بۆ / سەز

ئەمە ئەوانەین
تاکو نان کێوو لێی نەدا،
نایدەین بە مێ ..
تا گەنم ژەنگ نەکا،
نایدەین بە کەتر ..
چێتوک بەخاک بوو ..
کە ماش کون کون بوو ..
برنج ئەسپێی کرد..
کە هەنجیر ترشا ..
کرم بەناو ئاردا،
وەک سوپا ێی کرد ،
جا بەزەییمان دەتە کوێ و جێش،
ئایدەین بە گەدا

⋆ ⋆ ⋆

تازە دوو ژمارە،
نابن بە تۆ و من ..
هەرگیزا و هەرگیز ..
هیچ ئامرازکی پەیوەندی، ئیتر ،
لە نەوانمانا، نابە بە قەفیز ..

⋆ ⋆ ⋆

ئەزانم لە پاڵ تەپڵە وشەی
تەپڵە و .. ناوی
ساختە و دیواری
خەریتەی چاو و
مەری ئەنگوست و ..
پەیجی پریڤەیت،
خەت مەساس داوە و
بە من ئەوانی ..
بەس مافی خەتە ،
کە تەیش بزانی ..
ویستم پەت بەم :
خانەنشین بووم !

⋆ ⋆ ⋆

لە دیار هیچ شتە قەت دانەماوم،
ئەوەندەی لە دیار تە دامام، ئازیز ..
دواجار هیچیشم نەکەوتە بەرچاو ..
تەنها چاوشارکە و
هەندە چاو و ەاو ..

⋆ ⋆ ⋆

وەنەکەت کەشام ..
ئاگام لە نەبوو ..
بەو هەموو ەەنگە تەخ و
کەنەدا،
ەەحت هەکەشام ..

⋆ ⋆ ⋆

گەر پەکیشەوە بووینایە، ئازیز ..
یان لەسەر پردە، هاژەی ەووارە بەی ئەوانین و شەوگار دادەهات ..
یان لەسەر گردە، چەپکە تریفەی مانگ لەی ئەداین و
جا خەر هەئەهات ..

⋆ ⋆ ⋆

تەنیایی لە هەموومانا،
کوتلەیەکی گەورەی هەیە ..
زەربەی کورسەکان هی ئەون ..

* * *

لە بیرتە نەخشەمان دانا،
بۆ ئەوەی یەکتر نەبینین..؟
دنیایەک قسەمان ئەکرد،
بۆ ئەوەی یەکتر بەدەنگ کەین..!
لەسەر یەک ڕۆ بووین ،
ئەیشمانووت :
تۆ بەڕەی خۆت
من بۆ ڕەی خۆم …

* * *

جاران دوو منالی قەبارە گەورە ..
بۆنی بنەشتی بەبی و دارچینیی ..
ئێستا دوو پیری قەبارە بچووک ..
لەناو زریانی دین و بێ دینیی ..

* * *

قەت لە بیرم ناچێتەوە،
عەسرێک ، کام جلە تازە بوو،
لێبڕم کرد ..
هاتم بۆ کڕانکەتان ،
بۆ ئەوەی نەتبینم، ..ئازیز !

* * *

تۆ لە ماڵ مەیارە دەرێ ..
منیش ووە ناکەموە ماڵ ..
بۆ جارێ ئیتر
کورسی و مێز و کوپ و قاوە و گەشت و سەفەر
با بە خەیان سیر بخەن و
زەمانا لەدەن ..

* * *

هاتم بۆ کۆانەکەتان ،
تا سەیری بەرپەی خەم بکەم ..!
لە بیرت دە،
ووتت وەرە بۆ کۆانە شەدارەکەی بابەگورە ..
لە نزیکی ڕێحانەیە ..؟
کە ویستم بڕم، ووتت مەیە..!!
ووتم نایەم بۆ غەزەلنوس،
ووتت سەعاتێ زیاترە،
دوو قاوەم داواکردووە و ..
سارد بوونەوە، جێیان دێم
هەزار ئەفسوس ..!!
★ ★ ★

غەزەلنوس و .. ڕێحانە و ..
کافێیەک نەما،
یەکتری تیا تیرەر نەکەین ..
چەندە سەلەفیی بووین، ئازیز !
وەک دێ پەبووین لە خاە و نیشانەی پرسیار ..
لە هۆڵەی چاپ و فاریزە ..
ووتت با بچین بۆ موسڵ،
بڕام من باوکم ئەهێنم ..
تەیش بیهێنە..!
ئەم گشتێ یان کەبوونەوەی باوکان ..
یان ئەشکەنجەدان بوو ..؟ ئازیز ..

★ ★ ★
بۆ دەست خەم نییە ،
بۆفر تەم بیر ئەخاتەوە ..ئەمساڵیش ..
دەرگای هەموو ئەو شارانە ئەکاتەوە ،
بۆ تەمابووم تیایانا بژیم و
نەژیام ..
نازانم بۆ وا ئەزانم
تەنها بۆفر نەوانمان چاک ئەکاتەوە ؟؟!

★ ★ ★

هەر ووتمان ئەوا ئەگەین و
هەر نەگەیشتین ..

گوایا ئیتر تۆ ئەگەین و
تێیش نەگەیشتین ..

⋆ ⋆ ⋆

نازانم من درەنگ کەوتم ،
تۆ زوو هاتی ؟
من پێش وەخت گەیشتم ،
یاوەخود تۆ نەهاتی .. ؟
تۆ هاتیت و ..
من ووداوە بەستمیەوە ؟
نازانم .. نا
شتێ تێی لێ من وون کرد و
منیشی لێ تێ شاردەوە ؟
نازانم ..نا
بەڵام ئیتر ئەوەبوو ئەو قاوەیەمان بە یەکەوە نەخواردەوە ..!!

مرۆڤایەتی.. شیعری کۆنعان مدحەت

پێشکێشێ بێ کچێ شەقانی عەفرینی..

دێنیز خان
خەوکی بێ بەراورد ترسناک و دژوار بوو
لێ جێی هەڵدانی دەسکێ گوڵ
لاک هەڵدێت و
خۆن بێ کۆژاوی بێ ڕۆ و
لێ پێشوازی،
حوریێ هێناردەکانی خوا شایی بگێڕی.
چۆن پێکەری بێ گیان، لێگەڕێ زیندووی
بێ گیان
لێ یەک و هەمان تابلۆدا
بەرجەستێ و نمایش دەکەی؟

بە خودی جگە لەگەڵ ئەو ئاوەی پیایا
دەچە
هەمان دە و
هەر هەمان جووڵەی پشوو نەزانە؟
وەک چۆن مردوو بە زیندوو بڕاورد ناکرێ
شەو بە ڕۆژ و تاریکی بە ڕۆشنا و
خەم بە خۆشی..
ئاوا، ئاو، بە لایانەوە
بە ئاوە زەمزەم بڕاورد ناکرێ!
لە چەرخە ژمارەییەکەتدا
چاوم بە یەک نایە
نەبا خەوی دوبارە کراوەی دەنیز ببینم
تەیش خەت بخوێ جێی دەنیز
لە چینەکانی ئاسمانتەوە خەت هەڵدەڕە خوار
مرۆڤایەتی هەر ئەوەندەت بە فرمێسک دەژە و
پرچ دەنە و لە سنگی دەدات

تەیش خەت.. تەیش خەت
هەڵدەڕە خوار

لە کەناری سپێدەیەکی بەفراویدا.. وریا مەعروف

لەناو کەوەی ئەم بەدەنگییە چەدا،
بەفر.. وەک سروەتکی سپی
دەتەخوار و
هەموو ڕەنگەکانی زەوی لەناو خەیدا دەتونێتەوە.
تەش لەم هەراو زەنایەی غەریبیدا،
ئەو کەنارە کپیت
کە پەرتەوازەیی منی تێدا کەبووەتەوە.

تە نیشتمانەکی هەندە لەسەرخۆیت،

من.. وەک گەردیلەیەکی سەرگەردانی بەفر
لەسەر شانی دنیایيت دنیشمەوە؛
ئارامییەکت، تەنها بەدەنگی نییە،
ترپەیەکی هەمنی ڕووحە..
درزەکانی نەوان من و ژیان پە دەکاتەوە،
وەک ئاوی لە پەنای ئەم سپێتییەدا
تازە.. بەفر فەری گەرانی گوتن بووبێت.

تە وەک تەمەکی سپی
تک تک دەچێتە ناو کونجە تاریکەکانی یادگەم،
تینوێتیی ساڵانەکی تەمەن دەشکێنێت و
تەمومژی ماندوێتیم دەشواتەوە.
تە ئاو هەورێیت کە ناگریت،
بەکوو بەسەر وشکانیی ڕەحمدا..
نەرمەبارانی میهرەبانی دەبارێنیت.

ئێستا.. کە شار بووەتە پەیکەرێکی سپی و نەنووسراو،
دەزانم خۆشەویستیت، ئاو ڕێتمێیە کە هەناسەم پە دەگرێتەوە.
وەک چۆن بەفر زەوی لە باوەش دەگرێت و
ڕازەکانی ژێر باڵی خۆی دەشارێتەوە،
منیش ئاوا لە پەنای تۆدا..
لەو پەڕی سەرمادا، شکۆفەی گەرمییەکی ئەبەدی دەبەم.

ئەمە پەکەوە..
وەک یەکەمین تیشکی خۆر دوای بارینی بەفر،
مانایەک دەبەخشین بەو بەدەنگییە چڕەی
کە ناوی "پەکەوەبوون"ـە.

لەو ڕۆژەوە کە تۆ ڕێشتـــــوی.. کاوەی خەسرەوکاوانی

لەو ڕۆژەوە کە تۆ ڕێشتوی
ژیانی من مەرگساتە

دەم بلبول تێ ناخونێ
جیهانێکی کش و ماتە

- * *
  نە خەندەو نە پێکەنینی
  نە دەنگ و ڕەنگی ئاوازێ
  نە نەغمەی بولبولی عاشق
  نە سەدای تاڤگەو سازێ
- * *
  لەو ڕۆژەوە لە پاکەوتووم
  کە دە مەحکومی هیجرانێ
  خەمان پاڵ بە خەمان دەنێنن
  بەهارم گەڵا ڕەزانێ
- * *
  لەو ڕۆژەوە نیە ڕۆژی
  سپێدەی تیا بێتەوە
  کە تێ ڕۆژان و شەوان بیت
  چەن تەی لێبیر دەچێتەوە
- * *
  جاران خەندەی سەرلەوم بوم
  ئێستا خەمی سەر روخساری
  ساڵان دەوا و تێ لێ ڕەحم
  گولستان نیت خەت بەهاری
  6/12/2022

- kawa_kiwiny@yahoo.co.uk